
لە وەڵامی سەپاندنی باج لەلایەن تەرەمپ:حکومەتی هیندستان هەموو کارێک دەگرێتەبەر



حکومەتی هیندستان ئەمڕۆ چوارشەممە دوپاتیکردەوە کە "هەرچی پێویست بێت" دەیگرنەبەر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی لە کاردانەوە بە بڕیارەکەی دۆناڵد تەرەمپ سەرۆکی ئەمریکا بۆ سەپاندنی باجی نوێ بەسەر نیودەوڵەتی.

وەزارەتی دەرەوەی هیندستان ڕایگەیاند، بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا بۆ سەپاندنی باجی زیادەی 25% لەسەر ئەو کاڵایانەی کە لە هیندستانەوە هاوردە دەکرێن، "بە قوڵی جێگەی نیگەرانیە".
ئاماژەی بەوەشکردوە، "ڕوشونەکانی ئەمریکا نادادپەروەرانە و ناهەوا و نالۆژیکین، ئەمەش ڕوشونی پێویست دەگرینەبەر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانمان".
وەزارەتی دەرەوەی هیندستان باسی لەوەشکرد، هاوردەکردنی وزەی وڵاتەکەی لەسەر بنەمای هەکارەکانی بازاڕە و ئامانجیەتی ئاسایشی وزەی بە یەک ملیار و 400 ملیۆن کەسەکەی مسۆگەر بکات.

ئاشکراشیکردوە، زۆرێك لە وڵاتانی دیکە نەوتی پۆوسیا هاوردە دەکەن بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی خۆیان، "نیگەرانی قوڵی" خۆی لە بەئامانجکردنی هیندستان دەربڕی.